# نۆرەگاگەل

## ئەمجەد شاكەلی

لە دەسپێێکی نۆڤەمبەری 2003 وە، جەلال تاڵەبانی، بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی دەسەڵات لە بەغدا. دەسگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکجار زۆر بە گرنگییەوە باسی ئەم ڕووداوە دەکەن و بە ڕووداوێکی مێژوویی، نێوی دەبەن و کاتێکی زۆری، هەواڵ و پرۆگرامەکانیان، بۆ گوتار و دیدار و ڕەوتارەکانی جەلال تاڵەبانی، تەرخان دەکەن، کە ماشەڵڵایان لێ بێت، هێندە چڕ و زۆرن، لە ژماردن و باسکرن نایەن. تاڵەبانییش، بۆ خۆی یەکجار بە جیددی و گرنگییەوە، ڕۆڵی ئەو سەرۆکایەتییە، یەک مانگییە، چوار حەفتەییە، سی ڕۆژییەی پێشان دەدات و دەلیزێت و هێندە لیبراوانە و بە گەرمییەوە، خۆی بۆ ئەنجومەنی دەسەڵات، تەرخان کردووە و بە پەرۆشییەوەیە و هەڵپەی بۆ دەدات، هەر دەڵێی بۆ مزگەوتی دەکات. هەرچی ڕاگەیاندنی پارتیی دیموکراتیی کوردستانیشە، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، بە ساردییەوە، لە دیدی خەڵکانی سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، یا دەشێ بگوترێ وەک بێلایەنێک، لەو ڕووداوە دەدوێن. دیارە ئەم شێوە هەڵوێست و ڕەوتارە، پاشتر، کە نۆرەی مەسعوود بارزانی دێت و دەبێتە، سەرۆکی ئەنجومەنی دەسەڵات، ڕێک بە پێچەوانەوە دەبێت و ئەوەی ئەمڕۆ، پارتیی لەگەڵ تاڵەبانیدا دەیکات، ئەودەم حیزبەکەی تاڵەبانییش، هەر بەو جۆرە، وەڵامی سەرۆکایەتییەکەی بارزانی دەداتەوە. ئەدی چۆن، مەگەر کورد نەیگوتووە:"جێی سندان قوززەڵقورتە". پەیامنێری کەناڵی کوردسات، ڕۆژی 2003/11/12، بە کامیرایەکەوە، بە نێو بازێڕی هەولێردا دەگەڕا و پرسیاری لە خەڵک دەکرد، لەمەڕ گرنگیی بوونی جەلال تاڵەبانی، بە سەرۆکی ئەنجومەنی دەسەڵات، لە بەغدای پێتەخت، وەک خۆیان هەمووجارێک جەختی لە سەر دەکەن. ئەو خەڵکەش، کە بیروڕای خۆیان دەردەبڕی، هەموو پێیان باش و خۆشبوو و بە گرنگییەوە باسی ئەو ڕووداوەیان دەکرد. پێمواپە ئەوان، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە بوونی سەرۆکێکی کورد، لە ئەنجومەنی دەسەڵاتدا، چ دەگەیەنێت و کەڵکی چی دەبێت، تەنێ یەک شت وا لەوان دەکات، کە وا بهزرێن. ئەویش کوردبوونی ئەو سەرۆکەیە و هیچی دیکە. من کارم بەوە نییە، ئەو خەڵکە چەند بە گرنگییەوە، پێشوازییان لە مەسەلەیەکی وەها کردووە و دەکەن و چۆنی هەڵدەسەنگێنن، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە سەیرە ئەوەیە، کە حیزب و خەڵکانی سەر بەو سەرۆکە، هێندە بە گرنگیی، بنۆڕنە ئەو باسە و باسی ئەوە بکەن، کە کوردێک بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی دەسەڵاتی عیراق!. سەرۆکی ئەنجومەنی دەسەڵاتی عیراق، ئەگەر هەر بیستوپێنجەکەیان و یەک لە دووی یەکیش کورد بن، چی لە ڕەوشەکە دەگۆڕێت، ئەگەر ئەوان پەرۆشی یەکپارچەیی خاکی عیراق بن و لە عیراقییەکان عیراقیتر بن! بریا ئەو پەرۆش و هەڵپەیەی تاڵەبانی و سەرانی دیکەی کوردیش، کە نۆرەیان دەگاتێ، بۆ یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و یەکئامانجی و یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و کوردستاناندنی پرسیی کورد و لەتوپەتکردنی عیراق بووایە.هەرچی ئەنجومەنی دەسەڵات و حوکوومەتەکەیشیەتی ، پێش هەر شتێک، بۆ خۆیان پاکەتێکی بۆش و بەتاڵ و بێ ناوەڕۆکن و هیچیان تێدا نییە و هەر هیچ نین و هیچ گرنگییەکیشیان نییە و دەسگاگەلێکن، لە لایەن ئەمەریکاوە دانراون و بەڕێوەدەبرێن. ئەنجومەنی دەسەڵات، تەنی بۆ ڕازاندنەوەی مێزی فەرمانڕەوایی ئەمەریکا و برێک ڕەوایەتییدان بەو فرمانڕەواییە، دانراوە. ئەوەی گوندیی بێت و لە کوردستان، لە ئاواییدا ژیابێت، هەندێک شارەزایی، لە چۆنیەتیی ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی هەندێک کاری ڕۆژانەدا هەیە. ئەگەر لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گوندێکدا، هەر ماڵەو یا هەرچەند ماڵ و چەند ڕەشەوڵاخێکیان هەبوو، ئەوا دەکاتە ئەوەی، کە ئەو گوندە، دەبێ گاگەلیان هەبێت. گاگەل لە مانگا، گا و گۆلک پێک دێت، لێ هەندێک جار کەر و جاش و ئەوانەیشی تێدەکەوێ. بۆ بردنی ئەو گاگەلە، بۆ دەرێی گوند و لەوەڕگە، دەبێ گوندییان، گاوانیان هەبێت. گاوان، ڕۆژانە ئەو گاگەلە، دەباتە دەرێی گوند و ئێوارە، بە تێری دەیهێنێتەوە. گاوان، بێجگە لەوەی، پارەوپووڵێک و بژێوێک، بۆ ئەو کارەی وەردەگرێت، وەک نەریتێک، هەموو ئێوارەیەکیش، کە دێتەوە نێو گوند، لە دەرگای یەک بە یەکی ماڵانی گوند دەدات و بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات و دەڵێ: ماڵاوا! ئیدی خەڵکی ماڵەکە تێدەگەن و دەسبەجێ، یەک نانی بۆ دەبەن و ئەویش دەیخاتە ئەو توورەکەیەوە، کە بە شانییەوەیە. گاوان لە هەر ماڵەو نانێک وەردەگرێت. ئەگەر گوند گاوانی نەبێت، ئەوا خەڵکی گوند، ئەو ماڵانەی، کە چێل و ڕەشەوڵاخیان هەیە، کاری گاوانییەکە، لە نێوان خۆیاندا دەبەشنەوە. هەر ڕۆژەو یەکێک، گاگەلی دێ دەباتە دەرێ و لەوەڕگە. ئەو کارە پێی دەگوترێ:"نۆرەگاگەل"، واتە: هەر ڕۆژی کەسێک، نۆرەی گاگەل لەوەڕاندنیەتی و دەبێتە جێگریی گاوان. ئەم ئەنجومەنی دەسەڵاتەی بەغدایش، هەر دەڵێی نۆرەگاگەلی لای خۆمانە، هەر مانگی یەکێک نۆرەگاگەلیەتی و جێگری گاوانە. هەر مانگی یەکێک، نۆرە سەرۆکییەتی و کەسیش سەرۆکی تەواو نییە و هەموو هەر جێگری سەرۆکن. ئەوجا ئەگەر سەرۆکایەتییەک بەمجۆرە بێت، ئەمە ئەو هەڵلا و بەزمەی بۆ چییە و بۆ دەبێ هێندە گرنگ بێت و هێندە باس بکرێت! هەر پێش جەلال تاڵەبانی، ئیبراهیم ئەلجەعفەری(إبراهيم الجعفري) و ئەحمەد ئەلچەلەبی(أحمد الچلبي) و ئەیاد ئەلعەللاوی (أيادالعلاوي)ش ئەو نۆرە گاگەلەیان هات و لەکۆڵی خۆیان کردەوە و هیچ هەڵلا و فەرتەنەیەکیشیان، نە کرد و نە بۆ کرا. ئەلجەعفەری(الجعفري)، یەکەم کەسیش بوو، کە نۆرەگاگەلی بەرکەوت و بۆ ئەو، وەها کارێک، ئەزموونێکی زۆر نوێ بوو، لێ زۆر ئارام و بێدەنگانە بەسەری برد. من هیچ جۆرە ئێرەییەک، نە بە جەلال تاڵەبانی و نە بەوانەی پێش ئەو و نە بەوانەی دوای ئەویش، کە نۆرەگاگەلیان دێت نابەم، وەلێ ئەوەم لا ڕوونە، کە ئەوەی سیاسەت دەکات و بە تەمای کورسی و پلە و پایە و ناو و دەسەڵاتە، ئەگەر ئاوڕێک لەوانەی پێش خۆی بداتەوە، هەرگیز تووشی نەرجسییەت نابێت و تاووسەڕەوتار ناکات و هەمووی هەر پێ هیچ دەبێت. دەسەڵات و کورسییەک، بۆ هۆلاکۆ، ئەتاتورک، حەمەڕەزاشا، جەمال عەبدوننasر، ستالین، هیتلەر، مۆسۆلینی، فرانکۆ، لێنین، ماوتسیتۆنگ، دیگۆل، ناپۆلیۆن، چاوچیسکۆ، هیلاسیلاسی، ئەنوەر خواجە، عیدی ئەمین، پینۆشێ و سەددام حوسەین نەما و مایەپووچ بوو، دەبێ بۆ ئەوانەی عیراق، کە لە ڕیز وەستابوون و لە ڕیز وەستاون، بۆ ئەوەی نۆرەگاگەلیەکەی خۆیان بەجێبگەیەنن، چی پێ بێت!.

2003/11/16



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com